کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
16-6-2007 0:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند زانیاریەک لەسەر بۆرسە! ... ئەندازیار نەریمان محمد گەلاڵی

بە عەرەبی: سوق الاوراق المالیه
بە ئینگلیزیش: Stock exchange

لەگەڵ ئەوەش کە ڕۆژانە گوێبیستی ووشەی بۆرسە و سەوداکاریەکانی بۆرسە دەبین بەلام تاکو ئێستا زانیاریەکی زۆر کەم و لاوەکیمان لەسەری هەیە. بۆیە بە پێویستم زانی هەندێک زانیاری دەربارەی ئەو پرسە گرنگە بکەمە نوسینە بابەتێک و بۆ ئێوەی بەڕیز.



ڕەچەلەکی ووشەی بۆرسە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی بنەماڵەی بەناوبانگی (ڤان دێر بورسن =Van der B□rsen) ی بەلجیکی کە لەسەدەی پانزەهەمەوە خەریکی گەورەترین چالاکی پوولی و بانکی بوونە لەوکاتدا، لە هۆتێلە گەورەکەیان لە شاری Bruges زۆربەی بازرگان و خاوەن پارەو داراکان لەوێ کۆدەبوونەوەو وەکو یەکەم پێگەی ئالوگۆڕی بازرگانی و چەقی سەرمایەی لیهاتبوو بەلام یەکەمین بلاوکراوەی نرخی کالاکان وەکو بۆرسەی کارپێکراوی ئێستا لەشاری Anvers ی فەرەنسیەوە بووە لە ساڵی 1592 ئەمەو یەکەمین بۆرسەی گەورەی فەرەنسا لە شاری پاریس و لە باڵەخانەی Brongniart بوە کە ناوەکەی لە ناوی ئەو ئەندازیارە وەرگیراوە کە نەخشەسازی بۆ کردوە. بەلام لە وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا یەکەمین بۆرسە لە شەقامی ووڵ ستریت Wall Street ەوە لە ساڵی 1897 ەوە دامەزراوەو تا ئێستاش بە ناوبانگترین بۆرسەیە لە جیهان.

بۆرسە بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە ناوەندێک بۆ یەکگەیشتنی کڕیارو فرۆشیارەکان بە ئامانجی قازانجی پوولی بەلام ئێستا پاش پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بۆتە هۆکارێکی (وسیله) بەیەکگەیشتن بۆ بەرهەمهێن یان کڕیارو فرۆشیارەکان.. بۆیە دەتوانین بڵێین بریتیە لە شوێنی ئالوگۆڕی و کڕین و فرۆشتنی گەلای پوولی (الاوراق المالیه) کە خۆی لە ئاکچە (سهم) و پاڵپشتە پوولیەکانەوە (سندات مالیه) و ڕیژەی قازانجە درێژخایەنەکان دەبینێتەوە بۆ هەموو بەرهەمێکی بازرگانی و کارگوزاری هەر لە بەرهەمەکانی خواردنەوە وەکوو قاوەو برنج و گەنم و جۆو گەنمەشامیەوە تا ماددەخاوەکانی وەکو پیترۆل و لۆکەو مس و پلاتین و زیوو زێڕ ئەوە سەرەڕای بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی دراوەکانی وەکو دۆلارو یۆرۆو یەن و ... و ... هتد هەروەها چالاکیە تەکنەلۆجیەکانی وەکو تیلیکۆمیونیکەیشن و بابەتەکانی ووزەو زۆر شتی تریش کە کۆمپانیا پێکنەرەکان هەڵسەکەوت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن یان بەرهەمی دەهێنن، ئەمەو ئەو هەموو کڕین و فرۆشتنە ڕوودەدەن بەبێ ئەوەی هەریەکە لە کڕیار و فرۆشیارەکان نە کالاکان نە یەکتری ببینین یان یەکتری بناسن بەلام هەموو ئەو کالایانە یان بەرهەمانە پشتئەستوورن بە ناووناوبانگ وباوەڕی کۆمپاکانیان و یاسای تایبەتی کە ڕێگەی لە فرت و فێڵ و ساختە گرتووە بۆیە زۆر بە دڵنیاییەوە ئەو کارانە تەنها لەسەر کاغەزەوە دەکرێن. ڕێژەی کڕین و فرۆشتن و نرخیش دەوەستێتە سەربنەمای داوا و دانان یان پیشاندان (عرچ و گلب) کەواتە گەلاپوولیەکان برتین لە ئاکچەکان کەسەرجەمیان سەرمایەی کۆمپانیاکان دەکاتە و ساڵانە قازانجەکانیان بە گوێرەی قازانجی گشتی کۆمپانیا بەسەردا دابەش دەکرێت لەگەڵ پاڵپشیەپوولیەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کە وەکو قەرز وان بەرامبەر بە ڕێژەیەکی کەمی قازانج بۆ کاتێکی دیاریکراو و هەرکاتێک خاوەنەکانیان بۆیان هەیە وەریبگرنەوە.

بۆرسە بۆ ئەمڕۆ وەکو شتێکی پێویستی لێهاتوە بۆ بەهێزکردنی ئابووری وولات و زیادکردن چالاکیەکانی، ئەو زۆربوون و چالاکی و جموجۆلیە لە ئەندازەبەدەرە کە ڕۆژانە لە بۆرسەکان دەکرێن وای کردوە کە سیستەمێکی گونجاوی ئۆتۆماتیکی و ئەلەکترۆنی وای بۆ برەخسێنن کە بتوانێ ڕۆژانە هەڵس و کەوت بە دەیەها بلیۆن (ملیارد= هەزار ملیۆن) دۆلار بکات بە تایبەتی پاش ئەوەی کە ئینتەرنێتیش هاتە ناو ئەو پرسەوە بوە هۆی ئاسانکاری زیاتر بۆ بەرهەمهێنەکانی لە ڕووی ئاسانی کارکردن و کەمکردنەوە ڕۆتیناتی ئالۆز. کە ڕۆژانە بە ملیۆنان کەس لە ماڵەکانیان یان لە بیرۆیەکانیانەوە کاری وەبەرهێنان دەکەن بە بەکارهێنانی بۆرسەکان بە شێوەیەک بۆرسە لەو بوارە دەرچووە کە تەنها کەسانێکی پیشەزان (محترف) پێیەوە هەڵبستن بەڵکو هەموو کەسێک ئێستا دەتوانی ڕۆژانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات.

گرنگترین بۆرسەکانی جیهان:

گرنگترین و ناودارترین بۆرسەکانی جیهان بریتین لە بۆرسەی نیۆیۆرک، لەندەن، تۆکیۆ، پاریس، فرانکفۆرتن ئەوە جگە لە بۆرسەی ناسداک کە گەورە کۆمپانیاکانی تەکنەلۆجی و پیشەسازی لە خۆ گرتوەو بۆتە دووەم بۆرسە لە ئەمەریکا. ئەو کۆمەڵە کۆمپانیایەی کە دەیانەوێت لە نوەوە بچنە نێو بۆرسەوە دەبێت هەندێک مەرجی قورسیان تێدا بێتە دی کە ببێتە پاڵپشتیان وەکو ئەوەی دەبێت بەلایەنی کەمەوە ژمارەی بەشداربوانی (مساهمین) لە چەند هەزار کەسێک کەمتر نەبێت و بەلایەنی کەمەوو ڕێژەیەکی زۆری ئاکچەکانی لە ژێر ڕکێفی بازاڕی ئازاددا بێت واتە ئامادەبێت بۆ سەودایی پێکردنی ئازاد بۆ هەرکەسێک کە بیەوێت یان تەمەنی لە چەند ساڵێکی دیاریکراو کەمتر نەبێت ئەمەش بۆ ئەوەیە تا ڕێگە بگیرێت لە کۆمپانیای ساختەو وەهمی. کەواتە لە کۆمپانیا ئامادەکان تەنها ئەو کۆمپانیایانە دەچنە نێو لیستی بۆرسەکانەوە کە بارستایی و توانایەکی ئابووری گەورەتریان هەیە لەوانی تر ئەوانی کەش کاری خۆیان دەکەن بەڵام پێیان دەوترێت کۆمپانیا نا لیستەبەندیەکان واتە لەدەرەوەی لیستەی کۆمپانیا گەورەکانی نێو بۆرسەن.

نیشاندەری (موشر) بۆرسە چیە؟

نیشاندەر بریتیە لە پێوەری ڕێژەی چالاکی کۆمەڵە کۆمپانیایەکی بەتوانای بەشداربوو یان پێکنەری بۆرسە (لە زۆربەی وولاتان 30 کۆمپانیای هەرەمەزن هەڵدەبژێرن بۆ ئەو مەبەستە)، ئەم نیشاندەرە هەمیشە ئاماژە بە ڕێژەی گۆڕانی نرخی ئاکچەکان دەکات بە خاڵ لە هەردوو باری دابەزین و سەرکەوتن، بۆ نموونە کاتێک کە نیشاندەری داوجۆنز 30 خاڵ دێتە خوارەوە مانای وایە ڕێژەی نێوەندی (معدل) ی نرخی ئاکچەکانی سەر بەو کۆمپانیایانە بەڕێژەیەک دابەزیون واتا مەرج نیە هەموو ئاکچەکانی ئەو کۆمەڵە کۆمپانیایە دابەزیو بووبن بەڵکو ڕێژەی دابەزین لە سەرکەوتنەکان زیاترن. خاڵیش بریتیە لە بری گۆڕانی یەک یەکە لە نرخی ئاکچە چ بەرەو سەرو چ بەرەو خوار. بۆیە نیشاندەر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە باری گشتی بازار و کارایی و چالاکی کۆمپانیاکان. داوجۆنز یەکێکە لە گرنگترین پیشاندەرەکانی جیهان و بریتیە لە نیشاندەری بۆرسەی نیۆیۆرک دوای ئەمەش ناسداک دێت وەکوو دووەم نیشاندەری هەرە گەورە لە ئەمەریکا، هەروەها نیشاندەری فووتسی لە لەندەن و نیکای لە تۆکیۆ، داکس لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا، (کاک) یش لە پاریس بریتین لە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان.

وەبەرهێنەکانی نێو بۆرسە و جۆرەکانیان:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوانە دوو پۆلن یەکێکیان ئەوانەن کە سەرمایەکانیان بۆ چەند ساڵێک دەخەنە نێو ئاکچەکانی بۆرسەوە و چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی نرخ و قازانج دەکەن تا کۆتایی ئەو چەند ساڵە. بەڵام پۆلی دومیان پێیان دەڵێن لێدەرەکان (المچاربین) ئەوانە هەوڵدەدەن کە قازانجی لە پڕ و خێرا بکەن و ئەو ئاکچانە دەکڕن کە بەڕای ئەوان جێگەی ئومێدە بۆیە زۆرجاران تووشی (مجازفە) دەبن، پۆلێکی تریش هەن کە لە نەزانینەوە دەکەونە نێو کاری بۆرسەو لەوانەیە بە ئاسانی تووشی تیاچوون یان مایە پووچی ببن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.